ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK




# ئاینور دۆغان: مۆزیک بۆ دیرۆک و فەرهەنگی گەلان زۆر پێویستە



**ئاینور دۆغان** ژنە سترانبێری کورد لە هەڤپەیڤینێکدا کە سەید خان لەگەڵیدا سازی کردووە، باس لە تەمەنی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێ: 'من لە گوندی چەمیشگەزەکی دۆغان هاتوومەتە ژیان، کە شوێنەوارێکی دێرین و مێژوویی ناوچەی دەرسیمە، فرە فەرهەنگ و فرە زمانە، چونکە لەو ناوچەیەدا جگە لە کورد ، تورک و ئەرمەنیش دەژین، من لە بنەماڵەیەکی کۆچەرم، هەر ساڵ لەگەڵ پەزەکانمان لە ناوچەکانی دەرسیم گەڕاوین، من لە منداڵیەوە دارو بەردو چەمەکانی دەرسیمم بینیوە، من لە نێو سروشتی دەرسیم کە وەک بەهەشتە گەورەبوومە'

**ئاینور** سەبارەت بە گۆرانی دەڵێ: 'لەلای ئێمە گۆرانی هونەر نەبوو، بەپێچەوانەوە وەکو قسەکردن وابوو، وەکو گەپ وابوو، شتێکی ئاسایی بوو، کەسانی تایبەتمەندیش هەبوون کە زۆر گۆرانیان دەگوت، ئەوان لاوک بێژ بوون و بەردەوام لەگەڕان دابوون، ستران لەلای ئێمە شتێکی پیرۆز بوو، من لەهیچ شوێنێکدا نەمدیوە کە بەو ئەندازەیە گۆرانی هێژاو پیرۆزبێ، هەرکەسێکیش لە نێو جڤاتێکی ئاوا گەورەببێ، ئەو مرازەی هەیە، بەڵام لەوانەیە شاراوە بێ.

ئاینور لە درێژەی قسەکانیدا گوتویەتی: 'من بە کرمانجی و زازاکی گۆرانیم دەگوت، بەڵام ئەوکاتە تۆمارکردن بە کوردی قەدەغە بوو، بۆیە یەکەمین ئەلبوومی خۆم بە تورکی تۆمار کرد، بەڵام وەکو لاملی کردن لە هەموو کۆنسێرتەکاندا گۆرانی کوردیم دەچڕی.

ئاینۆر ١٢ ساڵ زیاترە کە گۆرانی دەڵێ و لە بواری مۆزیکدا کاردەکات،، لەم بارەیەشەوە دەڵێ: 'من گوێم لە گۆرانی و ئاوازی هونەرمەندە ناودارەکان دەگرت، بەڵام دوایی بۆخۆم وانەی مۆزیکم خوێند و هەر خۆشم ئەلبومم بەرهەمهێنا.

هەرچەندە کە ئاینور بە هۆی ئەلبومی کچاکورد ناسراو ناوبانگی دەکرد، بەڵام ئەو پێیوایە کە ئەوە خەڵک بوو بۆ خۆی پێشوازی لەو ئەلبومە کردووە و ئەویان ناساندووە، سەبارەت بە مۆزیکیش دەڵێ: 'مۆزیک بۆ ناسینی دیرۆک و فەرهەنگ و ئۆل و میتۆلۆژی گەلان زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە لەهەموو سەردەمەکاندا گۆرانی و مۆزیک رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، هیچ زانستێک بە شیوەی زانستی مۆزیک نەیتوانیوەو ناتوانێ داهاتووی کۆمەڵگە شرۆڤە بکات.

ئاینۆر پشتیوانی لە بۆچوونی یەلماز گۆنە دەکات کە گوتویەتی: 'مزرابێک کە بەر ساز دەکەوێ، بە ئەندازەی بۆمبێکی ئەتۆمی بەهێزە.

ئاینۆر پێیوایە کە ژنان چاندو رۆشنبیری گەلان نۆژەن دەکەنەوە، خۆیشی بە یەکێک لەو ژنانە دادەنێ.

# یەکێک لە ناودارتیرن دیزاینمانی جیهانی خۆی بەکورد دەزانێ




لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئەڵمانی فرانکفۆرتەر ئالگێماینە تسایتونگ دا دیزاینمانی ئەڵمانی **لویگی جۆلانی** دووپاتی کردەوە کە ئەو منداڵانی باوکێکی کوردو دایکێکی پۆڵۆنیە.

جۆلانی ئاشکرای کردووە کە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر باپیرە گەورەی ئەو هاتۆتە ئیتالیا و تییدا گیرساوەتەوە، دوایی لە سویسرا نیشتەجێ بووە.

جێگەی ئاماژەیە کە زۆر جاری دیکە لویگی جۆلانی ناسنامەی کوردبوونی خۆی ئاشکرا کردووەو رایگەیاندووە کە باپیرە گەورەی ئەو لە باشوری کوردستانەوە بەرەو ئەورۆپا هاتووەو لە هۆزی چۆلانی بووە.

لویگی جۆلانی پشیتر بە رۆژنامەی گاردیانی ئینگلیزی گوتبوو کە هۆزی باوکی بە هاوین و زستان جلیان پۆشیوەو خۆیان رووت نەکردۆتەوە، ئەم دابەش لەلای ئێمە ماوەتەوە، منیش بەردەوام جل لەبەر دەکەم.

جۆلانی بەردەوام جلی سپی لەبەر دەکات، ئەو بۆخۆی دیزاین کارێکی ناسراوی جیهانیە، تا ئێستا لەگەڵ زۆر لە کۆمپانیا ناودارەکانی جیهانی کاری کردووە، وەک دەزگەی ناسای ئەمریکی کە یەکێک لە ناودارترین و ناسراوترین دەزگای جیهانییە

جێگەی ئاماژەیە لەوەتەی کێشەی کورد لەسەر ئاستی جیهانیدا بە شیوەیەکی باشتر خۆی ناساندووە، زۆرێک لەو کوردانەی کە بەرەو وڵاتانی دیکە رۆیشتوون و نەوەکانیان وەکو بیانی ناسراون، ناسنامەی خۆیان ئاشکرا دەکەن و شانازی بە کورد بوونیەوە دەکەن.

لویگی جۆلانی یەکێک لەو ئەڵمانیانەیە کە بێپەروا کوردبوونی راگەیاندووەو شانازیشی پێوە کردووە. تەنانەت وەکو پیاوە کوردەکانی سەدەی رابردوو حەز لە سمێڵی گەورە دەکات.

وەک پێشترت لەریگەی راگەیاندنەکانیشەوە پێمان گەیشتبوو کە زربەی کرواتیەکان خۆیان بە کورد دەزانن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەهۆی ئەو ستەمەی لەسەر نەتەوەی کورد بووە، زۆرێک بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچیان کردوە.

# تە ئەز کوشتم، لێ ئەسمەرێ




نوێترین ئەلبومی هونەرمەندی گۆرانیبێژ **ئیبراهیم نوهات** لەژێر ناوی **'تە ئەز کوشتم، لێ ئەسمەرێ'** بڵاوکرایەوە. ئەم ئەلبومە لەلایەن تیپی ئاکیوز مۆزیکەوە ئامادە کراوەو بەرهەم هێنراوە،

ئەم ئەلبومە لە یازدە تراکت پێکهاتووە، کە بریتین لە : 'من دل دا ئەسمەرەکێ، ئاخ دونیایێ، حەزدکم، کولیلکێ جانێ، تو یارا منی، بێ تە نابە، هەمدلا، روگەشا من، من تە ژ دوورڤە حەز کر، لێ ئەسمەرێ و گولسوسەنێ'

ئیبراهیم نوهات دەنگێکی رەسەن و خۆشی هەیە، بەڵام لەرێگەی ئەم ئەلبومەوە دەیەوێ جێگە لەنێو دڵی هەوادارانی ئاوازو گۆرانی کوردی بگرێ، بەهۆی شارەزایی بوونی لە هونەری مۆزیکا، چاوەروان دەکرێ کە داهاتوویێکی گەش و پرشەنگدارتر بۆخۆی وەدەست بهێنێ.

نوهات یەکێکە لەو گۆرانبێژانەی کە بە کرمانجی دەستری و حەز دەکات بە زاراوەکانی دیکەی کوردیش گۆرانی بلێ.

## کاروان دکشە



کاروان دکشە
نە سەرییە، نەژی دەوی
نەسەرکێشە، نەژی خوەیی
کی ئوندا بو، کێ وارەک دیت؟
کێ بوو قوربان، کی بوو شەهید؟
نە دوعایە، نە نمێژە
هێسرین تەل، خون درێژە
سەر ئوخرا کارڤان دا قەرف
بایێ بێوا، لۆرینەکە تەل دبێژە
کاروان دکشە،
نە دەڤەنە، نە دەلیلن، نە گومانە
نە زنگینا زەنگلانە
مینا بەرێ نە کارڤانە
خشرو خەمل، زێر زیڤانە
ژ وێرانا کوردستانێ
بازرگانیا مە، ئێزدیانیە
ئەشیاکی بێ رومەت و پڕ ئەرزانە.
کاروان دکشە،
دەور - زەمانە دکشە، دکشە
داوی نایێ
ڤەگەرت نینە
وەلات کینە، خونە کینە
برا پشتا برا نینە
برا - برێ، خون –خونێ نەحەبینە
نەهەقیا قان، کینە خوە رەش
سەر خەلەکێ دادبارینە
خەلک درەڤە
کاروان دکشە
وەلاتێ وان، ئێ وان نینە
وەلات پشت وان دمینە
پاشوان ئاگر، کین و خوینە
پێشیێ تاریە، وندا بونە
وندابوونە، پۆشمان بوونە، تونەبونە
خەمخۆر نینە، خێرخاز نینە
کەسەک نینە بەری کاروان ڤەگەڕینە
داویێ لڤێ رەڤی بینە
دەویی لڤێ کینێ بینە
دلی مندا تەک ئاخینە، ئاخینە
خەما کەسی ئاخ، اخینا من ژی نینە

## دەرەوەی هێڵی ٣٦

کەسێک کە کێشەیەکی راستینی نەبێ، هەمیشە پەنا بۆ قسەی ناڕاست دەبات و دەیەوێ لەو رێگەیەوە سەرنجی خەڵکی پێ رابکێشێ، یاخود پەردەپۆشی راستیەکان بکات.

ئەو کەسانەی کە راستی دەزانن و خۆیانی لێ نەزان دەکەن، لە هەولێر پێیان دەڵێن چۆتە ئەو دیوی هێڵی ٣٦ەوە!

لە رۆژانی رابردوودا هەڤاڵێکی پێشووی خۆم بەناوی هۆشیار لە ماڵپەڕی لێدوان دا چەند قسەیەکی ناڕاستی لەسەر من کردووە، ئەو خۆیشی لەهەموو کەس باشتر دەزانێ کە قسەکانی راست نین، ئەو دەڵێ: 'رێکار ئەحمەد کەسێکی لە پێشانگەی ئۆتۆمۆبێل هێناوەو کردوویەتی بە سەرنووسەری رۆژی گەل. هەروەها دەڵێ:' ئەو کەسە لەهەموو ژیانی توانای نووسینی وتارێکی نیە' کاتێک ئەمەم خوێندەوە، پێکەنین دایگرتم و هەموو ئەو رۆژانەم بیرهاتنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ٢٠٠٣ من سەرپەرشتی رۆژی گەلم دەکردو کاک هۆشیاریش ئەرکی دابەشکردنی لە ئەستۆ دابوو.

بەراستی بەلامەوە سەیرە کە کاک هۆشیار زەربێکی بەسەر ساڵانی ماندووبوونی من لەرۆژی گەل داهێناوە. ئەگەر ئەو خۆی لە راستی نەبوێرێ، باش دەزانێ لە دوای کاک رێکار، من و کاک نزار محەمەد رێگەمان پێدرابوو رۆژەڤی رۆژی گەل بنووسین، هەرچەندە کە ئەو کات من سەرنووسەریش نەبووم.

ئەگەر کاک هۆشیار بچێتە ئەو دیوی هێڵی ٣٦و خۆی لە راستیەکان ببوێرێ، بەڵام خۆشبەختانە بەڕێزان کاک نزار محەمەد و مامۆستا مەریوان و خاتوو سۆزان فەرەج ماون و ئاگایان لەو راستیانە هەیە. خۆ ئەگەر ئەوانیشی لاپەسند نەبێ، چۆن دەتوانێ بەڕێزان کاک حوسێن بەفرین و کاک جەمال نوری لە رێبازی ئازادی و کاک پۆڵا ئەحمەدو سروە کاکە جوان لە ئاڵای ئازادی وکاک بەختیار مستەفا لە شارستانی و کاک عومەر فارسی خاوەن چاپخانەکە چەواشە بکات، ئەی چۆن دەتوانێ بڕوا بەوان بهێنێ کە من لە خۆمەوە کراوم بە سەرنووسەر!!

کاک هۆشیار بەشێوەیەک باسی من دەکات، وەک ئەوەی کە هەرگیز منی نەدیبێ و نە ناسیبێ! ئەو دەڵێ کەسێکی لە پێشانگەی ئۆتۆمبێلەوە هێناوە!! ئەمەش دوو بۆچوون هەڵدەگرێ، یان ئەوەتا تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بووە، یان ناخوازێ دان بە راستیەکان دابنێ، چونکە راستیەکان لە بەرژەوەندی ئەو دانین و قسەکانی پێشتری خۆی رەت دەکاتەوە.

ئەگەر ئەو دووچاری لەبیرچوونەوە نەبووبێ، باوەڕناکەم منێک کە ژیانی ئەوم لە مردن رزگارکردووە، لەبیربکات، عەقڵ پەسندی ناکات کەسێک ژیانی کەسێکی دیکە لە مردن رزگار بکات و ئەویش لەبیری بچێتەوە.

لەرۆژێکی گەرمای هاوین، ئێمە چەند هەڤاڵێک بەرەو دەریاچەی دووکان چووین، دوای نانخواردن و پێکەنین و مەستبوون، گێچی کاک هۆشیار بەرزبۆوە، بۆ خۆ فێنک کردنەوە چووە ناو ئاوەکە، بەداخەوە ئەو توانای خۆڕاگرتنی نەبوو، شەپۆلەکان لوولیان داو بەرەو قوڵایی بردیان، ئاوەکەش بە خێرایی بەرەو خوار دەڕۆیشت و پەلکێشی دەکرد، هەڤاڵانی دیکە کەسیان مەلەیان نەدەزانی، نەیاندەتوانی کۆمەکی پێ بکەن، من کە بینیم هەڤاڵێکم لەنێو پێچەکانی شەپۆلەکاندا بەرەو مەرگ شۆر دەبێتەوە، بڕیارم دا یان دەبێ رزگاری بکەم، یان منیش لەگەڵ ئەو بەرەو مەرگ دەچم. زیاتر لە دوو کیلۆمەتر بەپێی خاوسی، بەسەر بەردە تیژەکان و درکە گەشەکانەوە رامکرد، تا گەیشتمە ئاستی ئەو، ئەو لە پەلە قاژەی مەرگ دابوو، هەرچەندە لە توانای خۆشم دڵنیا نەبووم، بەڵام نەمدەتوانێ مەرگی هەڤاڵێکم بە چاوی خۆم ببینم، بۆیە خۆم هەڵدایە ناو شەپۆلەکان و دەربازم کرد. ئەو لە هۆش خۆی چووبوو، لە دوایین چرکەکانی ژیانی دابوو، کەچی ئێستا منی بیر چۆتەوەو پێیوایە من لە پێشانگەی ئۆتۆمبێلەوە هاتووم!!

کاک هۆشیار خۆی باش دەزانێ لە تەنگانەی دیکەشدا پشتیوانیم لێکردووەو نەمهێشتووە بە تەنها بێ، دەی باشە چۆن منی بیر چۆتەوە؟!

**سەرنووسەر دەینووسێ**

ڕۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتیە، ژمارە (214) یەکشەممە 2008-8-17

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com